

# چـنـگ

**سادقی هیدایەت**

**و: دلاوەر عەبدوڵڵا**

(ئەحمەد) لەگەڵ چوونە ناوماڵەکە، نیگایەکی گومانـاویی بـە حەوشـەکەدا گێـڕا، پاشـان بـە گۆپاڵەکەی دەستی لە دەرگایەکی رەنگ قـاوەیی ژوورێکـی سـەر ئەسـتێڵێکی داو لەسـەرخۆ وتـی: رویابە... رویابە !

دەرگـا کرایـەوەو کـچۆڵەیەکی رەنـگ هەڵبزڕکاوی هەراسان هاتەدەرەوە: کاکە تۆیت؟ وەرە سەرەوە.

دەستی براکەی گرت و چونە ژوورەکەوە، کە دیوارەکانی بە ئەندازەی پشتێنێك شێی گرتبوو.

(ئەحمەد) گۆپاڵەکەی لە کەنارێکی ژوورەکە داناو لەسـەر لبـادێکی گۆشـەیەکی ژوورەکـە رۆنیـشت، (رویابـە)ش بەرامبـەری دانیـشت، بـەڵام بەپێـچەوانەی جارانـەوە، کـچۆڵەکە روتـرش و گرفتـار دیـاربوو. (ئەحمـەد) پـاش ئـەوەی بـۆ ماوەیـەك لـە چـاوە ئەشـکتێزاوەکانی روانـی، بـە وەپرسییەوە وتی: باجی لەکوێیە؟

(رویابە) بە ئاوازێکی غەمگینەوە وتی: خەوی مەرگی بێت.. لە ژوورەوە نووستووە.

—خەوتووە؟

—بـــەڵێ.. ئـــەمڕۆ موبەقەکـــەم گـــسکدەدا، لەچـکەکەم لـە کاسـە چـینییەکە گـیرا، کـەوت و شـــکا، ئـــەو کاســـەیەی بـــە گـــوڵی ســـوور نەخـــشێنرابوو.. ئەگـــەر ئـــەزانی بـــاجی چـــی پێمکرد!... هەموو قژمی دەسکەنەکرد.. سەرمی بە دیوارەکەدا کێشا، جنێوی ناشـیرنی بـە دایکـم دا. دەیوت ئـەو دایکـە گۆڕبـەگۆڕەت... باوکیـشم لەوێ ڕاوەستابوو دەخەنییەوە...

(ئەحمەد) بە توڕەییەوە وتی: پێدەکەنی؟!

—هەر پێدەکەنی... دەزانی.. حـاڵی تێکـچوو بوو" وەك ئەوەی مانگێـك پـێش ئێـستا بەسـەری هات. لەناکاو لغاوی کـەف کـرد، لـول بـوو، ئینجا ڕاپەڕی و ئەڵەمبازی سـەری بـاجی بـوو. دەسـتی هێندە لە ملی توندکرد خـەریکبوو چاوەکانی لـە کاســـەی ســـەریەوە دەردەپـــۆقین. ئەگـــەر (ماهـــسوڵتان) نەبوایـــە خنکانـــدبووی. ئێـــستا تێگەیشتم دایکمانی چۆن کوشتووە...

چاوەکانی (ئەحمـەد) بـە ڕەنگێکـی سـەوزباو درەخـــشایەوەو پرســـیی: کـــێ وتـــی بـــەوجۆرە دایکمانی کوشتووە؟

—(ماهـسوڵتان) چـووبووە سـەر تەرمەکـەیو دەیوت پرچـەکانی لـە ملییـەوە ئـاڵابوون. نـازانی کاتێك دەستەکانی نایە بینی باجی...

(ئەحمـــەد) هـــەر بـــەوجۆرەی لـــە (روبابـــە)ی دەڕوانی. دەستەکانی، کە بە گەڵای وشکەڵاتووی دارچنار دەچوون، لە بۆشاییدا بەرزکردەوەو وەك ئەوەی بیەوێت سـێبەرێك خەفـە بکـات هێنایـەوە یەك.

(روبابـە)، کـە سـەرنجی دەدا، کـەمێك خـۆی کـەنار گـرت و زەق بـۆی دەنـواڕی. ( ئەحمـەد) دووبارە پرسیی:

—بۆچی ئـەمڕۆ بـاوکم نەچـووە بـۆ مزگـەوتی (شا)؟

—نـــەخێر.. تەندروســـتیی بـــاش نـــەبوو. لـــە پاشنیوەڕۆوە بـەو شـتانەوە دەبزرکێنـێ، کـە لـە مزگەوت بـۆ خـەڵکی باسـدەکات: سـەرجێیکردن، غوسڵ و باسی ئەو دنیا.

—بەتاڵکەرەوەکانی ڕۆژوو، سـوڕی مانگانـە و زەیستانی.

—بـەڵێ لـەخۆی دەپرسـی و خۆشـی وەڵامـی دەدایـەوە. وادەزانم شـێت بووبێـت... شـتێکی دەگوت شەرم دەکەم... ئینجا (روبابە) خـۆی لـە (ئەحمـــەد) نـــزیکتر کـــردەوەو دەســـتێکی هێنـــا بەسەریداو گـوتی: ئیـدی کـەی هەڵدێین؟ مەگـەر نـەتگوت (عـەباس) وتویـەتی بـە یـانزە تومـەن و شەش قڕانیش مانگـا دەکڕێـت؟ ئێمـە بـۆ ئێـستا دانەیەکی لاواز دەکڕین، منیش جلشۆری دەکەم و خەرجیی خۆم دەردەکەم. بڕوانە.. چەندی زووتر هەڵبێین باشترە.. من دەترسم!.

—با کـەش باشـتر ببێـت. چـەند ڕۆژێکـە لاقـم ئازارم دەدات.

—کاکە.. کـە ئاووهـەوا خۆشـتربوو دەڕۆیـین.. وانییە؟ بەلانیکەمەوە ئەوێ هەرچۆنێك بێت لێـرە باشترە.

پاشان هەردووك بێدەنگ بوون.

(ئەحمـەد) لاوێکـی هـەژدە سـاڵان، باڵابـەرز، ئەبرۆ پەیوەسـت، دووچـاوی گـەش و سـیمایەکی مـــۆنی هـــەبوو، سمێڵـــی تـــازە خـــەتی دابـــوو. (روبابـــە)ش پـــانزە ســـاڵان، گـــەنمڕەنگ، ئەبرۆکـــەوانی، لێوگـــەش، چـــەناگە باریـــك و دەستەکانی خرپن بوون" زیاتر بە دایکی دەچوو، بەڵام (ئەحمەد) دەچـۆوە سـەر بـاوکی، تەنانـەت

نیشانەی نەخۆشییەکەی باوکی تێدا بەدەرکەوتبوو.

کارەکەی (سەید جەعفەر)ی باوکیان لە مزگەوتی (شا) خەڵك لەخۆگردکردنەوەبوو. خەڵکی بێکاری لەخۆی دەئاڵاندو لەسەر شێوەی پرسیارو وەڵام بێپەردەو بە ئاشکرا پرس و ئەرکە ئاینییەکانی بۆ ڕاڤە دەکردن. لە بواری کارەکەیدا گەلەك شارەزایی هەبوو. لە کاتی فرۆشتنی دوعادا دوپشکێکی ڕەشی دەستەمۆی نمایش دەکرد، کە زەهرەکەی بەتاڵکردبۆوە. هەرچەندە لەو دوادواییانەدا کارەکەی باش نەدەسوڕا، بەڵام هەر خەرجیی ماڵەکەی دەردەهێنا. پێنج ساڵ لەوەوبەرو کاتێك هەموان لەخەودا بوون بە سەرخۆشی گەڕابۆوە ماڵ و بۆ بەیانیش (سوغرای) ژنیان بە مردویی لە ژوورەکەیدا دۆزیبۆوە، کە گوایە بە نەخۆشی مردووە. تەنیا (ماهسوڵتان)ی زڕخوشکی (سوغرا) (سەید جەعفەر)ی بەهۆکاری مردنی خوشکەکەی دادەنا. (سەید جەعفەر) پاش دوو مانگ (روقیە سوڵتانی) خواست.

(روقیە سوڵتان) ببوو بە بەڵای گیانی ئەو دوو منداڵە هەتیوە. بەهیچ شێوەیەك درێغیی لە ئەشکەنجەدان و ئازاردانیان نەدەکرد. ئەوەی مایەی سەرسوڕمان بوو (سەید جەعفەر) لەجیاتیی لایەنگریکردن لە منداڵەکانی بکات، بەپێچەوانەوە لە ئەشکەنجەدانیاندا هاوکاریی (روقیە سوڵتان)ی دەکرد، چونکە لەو پیاوانەبوو، کە لە لاوێتیدا ئەو منداڵانەی ببوو، بەو هیوایەبوو درێژەپێدەرێکی دیکە بۆ (لاالە الا الله) زیاد دەکات و دەمی کراوە بە قوتەوە نامێنێ و سەری بێرزقیش لەژێر خاکدایە، بەڵام ئێستا کە دەیبینین سەراسیمەدەبوو لەوەی چۆن ئەوانە منداڵی ئەون و هەموو بیری لای ئەوەبوو چۆن ئەو دوو نانخۆرە زیادەیە لەکۆڵ بکاتەوەو بە خەیاڵی ئاسودەوە لەگەڵ (روقیە سوڵتان) بچێتە خەڵوەتەوە. ئیدی لەوکاتەوە (ئەحمەد)و(روبابە) لە ماڵی باوکیاندا خۆیان بە بێگانە دەبینی و ژیان ببووە دۆزەخێکی ڕاستەقینە" لەبەر ئەوەش ئەو دوانە زیاد لەڕادە ببوونە خۆشەویستی یەکدی. (روقیە سوڵتان) بۆ ئەوەی لە ژیانی خۆی بیانکاتە دەرەوە کردبوونییە ناو ژووری سەر ئەستێڵەکە، کە تاریك و شێداربوو. لەبەر ئەوەش دوو مانگ بوو ئازارێك زابووە قاچی (ئەحمەد) و سەرەڕای ئەوەی چەندینجار دوعایان بۆی نووسیبوو، بەڵام بەرەو چاکبوونەوە نەدەچوو، (روبابە)ش تەواوی ڕۆژ لەماڵەوە کاریدەکرد، بەو عیشقەوەی شەو لەگەڵ براکەی کۆدەبێتەوە، کە تاکە تاسەشکێنی بوو. نزیك خۆرئاوابوون، کە (ئەحمەد) بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، ئەگەر (روبابە) کارێکی هەبوایە ئەم ئەنجامی دەدا، ئەگەر (روبابە) بگریایە ئەمیش دەگریاو هەروا بەپێچەوانەشەوە. کاتێك شەو دادەکشا پێکەوە لە کونجێکی تاریکی ژوورەکەدا شێویان دەکردو پەتویەکیان بەسەر خۆیاندا دەکێشاو ماوەیەك دەردەدڵیان بۆ یەك هەڵدەڕشت. (روبابە) باسی لە کارەکانی ڕۆژانەی دەکردو (ئەحمەد)یش کارەکانی خۆی. زۆرتری باسەکانیان تایبەتبوو بە هەڵاتن، چونکە بڕیاریان دابوو لە ماڵی باوکیان هەڵبێن.

ئەو کەسەی زیاتر هانی دەدان (عەباس ئەرەنگەیی) هاوڕێی (ئەحمەد) بوو، کە بەڕۆژ بەیەکەوە لە بازاڕدا کاریان دەکردو باسی ژیانی

ســادەو خۆشــی (ئەرەنگــەی) بــۆ گێڕابــۆوە. بەجۆرێك ئەو بیرۆكانـە لـەوێناكردنی (ئەحمـەد)دا نەقـشی بەسـتبوو، كـە خانووەكـانی گونـد، ژنـە دەرپێ سورەكان، چیای سەوز، سەرچاوەی ئاوی ســازگارو ژیــانی هــاوین و زســتانی ئــەوێ، وەك ئەوەی (عەباس) بۆی باسـكردبوو، لەبـەر چاویدا بەرجەستە ببـوو. بـەجۆرێك شـەیدای (ئەرەنگـە) ببــوو، كــە پلانــی هەڵاتنەكــەی لای (عــەباس) دركاندبوو، ئـەویش دەستخۆشـیی لێكردبـوو. لـە كۆتاییدا بڕیاریان دابـوو هەرسـێكیان پێكـەوە بـۆ (ئەرەنگە) بڕۆن و ژیانێكی نوێ و ئازاد بۆ خۆیان سازبكەن.

هــــەموو شــــەوێك (ئەحمــــەد) نەخــــشەی هەڵاتنەكەیانی بۆ (روبابە) دوبارە دەكردەوە، كە هەمیشەش یەك شێوەبوو. (روبابە) بە چـاوی پـڕ لە شادییەوە دەستخۆشیی لە بیروهۆشی براكـەی دەكرد. ئەندێشەی سەیروسـەمەرە لـە مێشكیدا نەخشی دەبەست، چونكە بەدرێژایی ژیـانی تاكـە گەشـتێكی كردبـووی زیـارەتكردنی (سـەید مـەلك خــاتون) بــوو، هــەرجارێكیش باســی (ئەرەنگــە) دەهاتە پێشەوە (روبابـە) دەكەوتـەوە یـادی ئـەو رۆژەی، كـە خواردنیـان كردبـوو، دایكـی هێـشتا زینـدوو بـوو، ئـەم هێنـدە بـەدوای (تـاجی) كـچە دراوســێكەیاندا رایكــرد تاكــەوت و ناوچــاوانی زامداربوو. ئەم لەو بڕوایـەدابوو (ئەرەنگـە)ش بـە (سەید مەلك خاتون) دەچێت" هەروەها بەڵێنی بە براكەی دەدا لە كاری دەستیدا درێغی نەكات و لە خـەرجیی ماڵدا هاوكـاریی دەكـات. تـاكو ئێـستا (ئەحمەد) لـە رۆژانەكـەی یـانزە تومـەن و شـەش هەزاری كۆكردبۆوە، ئەگەر شەش تومەن و چـوار قڕانی بەدەسـتبهێنایە دەیتـوانی دوو مانگاو دوو بزن بكڕێت و ئەوكات دەچوون بۆ ماڵی (عەباس).

بە رۆژ خەریكی كشتوكاڵی دەبوون و (روبابـە)ش شـیری دەدۆشـی، ماسـتی هـەوێن دەكـرد، تـوی وشك دەكردو زستانانیش (ئەحمـەد) پینەچێتیی دەكرد. لەپاش دوو ساڵ، بـە گوتـەی (عـەباس)، دەیانتوانی بەهۆی پیشەو كاسبییەكەیانەوە ببنـە خاوەنی زەوی و خانوو.

پایزو زستان و بەهار تێپـەڕی. (ئەحمـەد) بـە خـەیاڵی هــەڵاتن پاشـەكەوتەكەی زیـاتر دەكـردو (روبابە)ش هەرچی خرتكەوپرتكەیەكی بەر چنگی دەكــەوت بــە وردی دەیپێــچایەوەو لــە تاقــە كۆنەكـەی دەخزاند، تـا لـەكاتی هەڵاتنـدا لەگـەڵ خۆیـان ببیـەن. شـەوانە كاتێـك دەخزانـە نێـو جێگاوە جگـە لـە باسـی (ئەرەنگـە)و چۆنیەتیی هەڵاتن هیچ باسێكی دیكـە لـەئارادا نـەبوو، بـەڵام رووداوێكــی دیكــە روویــداو ئــەویش ئــەوەبوو رۆژێكیان (مشدی غولامی عەلاف)، كە بە رێبواری (روبابـە)ی بینیبـوو، دایكـی بـۆ خـوازبێنیكردنی نـاردبوو. ئاشـكرابوو (سـەید جەعفـەر)و (روقیـە سوڵتان) هەردووك بەو داوایە رازیبوون، بەڵام ئەم پێـشهاتە كاریگـەریی خراپـی لەسـەر رەفتـاری (ئەحمـەد) دانـابوو. (روبابـە) كـە هەسـتی بـەوە كردبـوو، بـۆ ئـەوەی پیشانی (ئەحمـەد)ی بـدات چـارەی (مـشدی غـولامی) ناوێـت زیـاتر سـۆزو خۆشەویـستیی بەرامبــەری دەنوانــد، شــتێكی دیكەشی هەرەشەی لە (ئەحمەد) دەكرد ئـازاری قاچـی بـوو، كـە خـراپتر ببـوو، بـەجۆرێك زۆر وەڕزیكردبـوو، لەبـەر ئـەوە هەمیـشە غـەمگین و بێدەنگ بوو.

یەكێك لەو رۆژانـە (سـەید جەعفـەر)و (روقیـە سـوڵتان) بـۆ (شـا عەبدولعــەزیم) چــووبوون و

بڕیاریش بوو شەو لەوێ بمێننەوە. (ڕوبابە) لە ڕۆیشتنی ژنەکەی باوکی لە هەموو کات زیاتر خۆشحاڵ بوو. تەنانەت کەمێك خۆیشی ئارایشت کردو لە سپیاوە تەبرێزییەکەی باوەژنەکەی لە ڕوخساری هەڵسوو بوو، کە زیاتر قەشەنگ دەینواند، بەڵام (ئەحمەد) لەم ڕۆژەدا درەنگتر لە جارانی گەڕایەوە ماڵ. هەرچەندە (ئەحمەد) ئارایشتکردنەکەی (ڕوبابەی)ی بە جۆرێکی دیکە هاتەبەرچاو، بەڵام ئەو بیرۆکە بە ئازارە بەمێشکیدا گوزەریکرد، کە (ڕوبابە) ئێستا خۆی بە ئازاد و هاوسەری (غولام مشدی) دادەنێت و تائێستا بە هەنجەتی هەڵاتن کڵاوی لەسەرناوەو لە نەخشەی هەڵاتنەکەی پاشگەزبۆتەوە. ئێستا کە هاوسەری گیربووە ئیدی ناگۆڕێت. (ڕوبابە) هەر کە براکەی بینی بەرەوپیری رایکردو گوتی: نیگەران بووم، دەتگوت لەسەر دڕکم، بۆچی ئەمشەو درەنگ هاتیتەوە؟

—لەگەڵ (عەباس) بووم.

—کاکە... ئەمشەو ناگەڕێنەوە.

—دەزانم.

—چیت خواردووە بۆنی دەمت دێت؟ بۆچی چاوەکانت وا گۆڕاون؟ خۆ نەخۆش نیت؟

—نەخێر. شەرابم خواردەوە. (عەباس) بەزۆر شەرابی پێ نۆشیم.

—دەرمانت خواردووە؟

—بە ئەم لاقە نەخۆشەوە چیبکەم؟!

—مەگەر گوێت لە ئامۆژگارییەکانی باوکم نەبووە دەربارەی شەراب چیی دەگوت؟

—ئەوە بۆ نان پەیداکردنی بووە. لە زاری (ماهسوڵتان)ەوە خۆت وتت، کە ئەو شەوەی دایکمانی کوشت سەرخۆش بوو. خۆت دەزانیت ئەو قسانەی دەیکات بۆ کاسبیەکەیەتی. ئەگەر پێڵاوێکی پێستەی چاك لە دوکانی دراوسێکەمان بکڕن هەزار خەوش و عەیبی لێ دەدۆزمەوە تا بابەتی دوکانەکەی خۆمان ساغبکەمەوە" بەڵام کاسبیکردن و ڕاستی وتن دوو شتی جیاوازن.

—لەوانەیە حەکیم پێیدابێت.

—ئەی حەکیم بۆچی بە منی نادات؟. من لاوم و حاڵم لەو خراپترە، ئەو تەمەنی شەست ساڵەو هەموو خۆشییەکانی بینیوە، هەموو ئارەزووەکانی تێپەڕاندووە، تێدەگەیت؟. ئینجا میراتی ئازاری قاچی بە من بەخشیوە. ئەگەر شەراب بۆ ئازاری قاچ باش بێت بۆ نەیخۆمەوە؟. درۆیە... هەموو ئەو قسانە درۆن.

—مەگەر ناڕۆین بۆ (ئەلنگە)؟

—بۆچی شەراب نەخۆمەوە؟ بەم حاڵەمەوە ناتوانم بجوڵێم، هەتا دێت خراپتر دەبێت. دوو ڕۆژی دیکە تۆش دەچیتە ماڵی (غولام)، من تەنها دەمێنمەوە. لەم ماڵەدا گیانم داڕزا، کە ئێواران دەگەڕێمەوە دەڵێی قامچی کوتم دەکەن. دەمەوێت سەری خۆم هەڵگرم و ڕوو لە بیابان بکەم. بۆچی شەراب نەخۆمەوە؟

پاشان کتوپڕ بێدەنگی کەوتە نێوانیانەوە. پاش چەند ساتێك شێویان کردو لەناو جێگای پاڵ ئەستێڵەکەدا ڕاکشان. (ڕوبابە) لەسەر دەماغ بوو، گوڵەبەڕۆژەی دەتروکاند و گۆرانیی دەگوت: (دەمەوێت بچم بۆ ئەلەنگە.... قاچێکی کەرەکەم لەنگە)

قاقا تریقایەوە، بەڵام (ئەحمەد) بیری دەکردەوەو مۆن بوو. لەدڵی خۆیدا وای لێکدەدایەوە، کە (ڕوبابە) تانەی لێدەدات. (ڕوبابە) دوبارە وتیەوە: ئەمشەو ئێمە بەتەنیاین. ئەگەر چووین بۆ (ئەلەنگە)

هەموو شەوێك هەروا دەبین. باجی لێرە نییەو ئێمە پێکەوەین. ئەحمەد... وانییە؟

(ئەحمەد) لە وەڵامدا بە زۆر زەردەخەنەیەکی بۆ کرد. (روبابە) بۆ ئەوە چوو بەهۆی ئازاری قاچییەوە بێت" دوبارە وتی: دەزانیت، کە هەڵاتین، لەوێ لە (ئەلەنگە) خۆم چاودێریت دەکەم. قاچت چاکدەبێتەوە. ئەی (ماهسوڵتان) نەیوت (با)یەو دەبێت شتی گەرم بخۆیت؟. هەنوکە نەوەکو لەکاتی پێویستدا قاچت ئازارەکەی بۆ بگەڕێتەوە، ناتوانین برۆین!.

—نەخێر، قاچم خەوشی تێدا نییە، بەڵام بەتۆ چی؟ خۆ تۆ شوو دەکەیت!.

—نەخێر، بەسەری باپیرەم هەرگیز شوو بە (مشدی غولام) ناکەم. لەگەڵ تۆ دەڕۆم.

مانگ دەرکەوت. ئەستێرەی بچوك لە ئاسماندا دەیانجریواند. (روبابە) ئازادانە دەدواو دەخەنییەوەو گۆناکانی سور هەڵگەڕابوون. (ئەحمەد) هیچ کاتێك ئەو بارە خرۆشاوییەی لە (روبابە)دا نەبینیبوو" بە سەرسوڕمانەوە بۆی دەڕوانی. (ئەحمەد) بە ئاوازێکی گاڵتەجاڕیانەوە پرسیی:

—هەواڵی (مشدی غولام) چییە؟

—پاڵی نەگەڕێت، خوایە دایك مردوو بکەوێت!

—نا.. تۆ خۆت ئارەزووی دەکەیت.

—نا.. بەسەری باپیرەم. من جگە لە تۆ کەسم خۆشناوێت.

—درۆدەکەیت!

—بەخوا درۆ ناکەم، هەرکاتێك رۆیشتیت منیش دواتدەکەوم.

—هەفتەیەکی دیکە... نا.. دوو سبەی دەڕۆین.

—بەم قاچەوە..!

—ئێ.. ئێ.. بینیت من تێگەیشتووم؟ هەر لە سەرەتاوە تێگەیشتبووم. تۆ گاڵتەت بە من کردووە، من بوومەتە گاڵتەجاڕی تۆ.

—تۆ وادەزانیت درۆ دەکەم. وەرە با هەر ئێستا برۆین.

—ها.. بەڵام تۆ لەوێش دەتەوێت شوو بکەیت. لە (ئەلەنگە) پیاوی بەخۆ، گەنج و سوروسپی لێیە. تۆ دەتەوێت...

—بەڕاست من (عەباس)م نەبینیوە.

لەو دەمەدا (ئەحمەد) گۆناکانی خوێنیان تێزابوو، هەناسەبڕکێی بوو، پەنجەکانی دەلەرزین و دەمی ببووە پەلاس. (روبابە) کە بێئاگابوو لە ئەو درێژەی بە قسەکانی دا: بەسەری باپیرەم سوێند دەخۆم نابمە ژنی (مشدی غولام). ئێ.. نابێت من بڵێم بەڵێ؟ ... نایڵێم... ئینجا ئەو پیرو ناشیرینە. (ماهسوڵتان) وتی، کە دوو ژنی دیکەشی هەیە" من ئەوم ناوێت. لەگەڵ تۆدا دێم... ئێستا ئەلەنگە زۆر دوورە؟

—نەخێر... لە پشت چیاوەیە. پاشان ئێمە لەسەرخۆ دەڕۆین.

—ئەو چیا سەوزانەی لەپشت بانەکەمانەوە دیارن... دەزانم، بەفری پێوەیە. من ئەو ناوەم بیستووە... ژنەکانی ئەوێ چۆنن... ها؟ خزمدۆستن. لە یادمە نەنە (یادعلی) دەهاتە ماڵمان.. لەیادتە؟.. ئەو کاتەی دایکم زیندوو بوو... ئەویش گوندی بوو، باسی ناو چیای دەکرد. کاکە.. بزانە ئەگەر مانگامان کڕی خۆ من نازانم بیدۆشم.

(ئەحمەد) زەقزەق چاوی تێبڕیبوو. (روبابە) دووبارە وتی: پێڵاوە نوێیەکانم لەگەڵ ئەو بازنەی

دایکــم پێیـــدابووم و ســـی نقێمـــی لەســـەرە پێـــچاومەتەوە. زســـتانان تـــۆش پینەچـــێتی دەکەیت.. وانییە؟!.

ئەحمەد بەسەر ئاماژەی بەڵێی بۆ کرد.

—تۆش ژنێکی گوندی دەخوازیت؟

(ئەحمــەد) بــە شــێوەیەکی تایبــەت چــاوی تێبڕیبوو. (روبابـە) هەسـتی بـە گـۆڕانی کردبـوو، بەڵام لەروی سەرسەختییەوە دەیویست بە قسەی بهێنێت. روی وەرگێڕاو کەوتە گۆرانی وتن:

(منم.. منم بولبولی شەرگەشتە

گەڕاوەی نێو چیاو دەشتە

دایکی بەدکردار کوشتمی

باوکی نامەرد خواردمی

خوشکی دڵسۆز:

بە حەفتا پەڕەی گوڵ ئەفراندمی

لەژێر لاسکە گوڵەکاندا ناشتمی

ئەوە منم بە بولبولی

پەڕ... پەڕ)

ئەمە هەمان ئەو گۆرانییە بوو سێ ساڵ بـەر لـە ئێـستا پێکـەوەو لـە ژووری سـەر ئەسـتێڵەکە دەیانگوتەوە، بـەڵام ئەمـشەو بـە جـۆرێکی دیکـە هاتـە بـەرگوێی (ئەحمـەد) و زیـاتر تـوڕەی کـرد. وەك ئەوە بوو بڵێـت مـن مێـرد دەکـەم و دەڕۆم، بەڵام تـۆ کەنـەفتی ناوجێگـا دەبیـت و نەخـشەی هەڵاتنەکەشمان دەبێتە بڵقی سەرئاو.

(روبابە) دووبارە تلێکـی داو گـوتی: ئەمـشەو هەوا ساردە. دەستت بدە بە من.

دەستی (ئەحمەد)ی گرت و هاویـشتییە سـەر گــەردنی خــۆی، بــەڵام پەنجــە ســاردەکانی (ئەحمــەد) وەك مــار، کــە لــە نزیـك گەرمییــەوە سڕییەکەی دەرچێت، کەوتنـە لـەرزە. لەوکاتـەدا بەر چاوی رەش داگەڕابوو ، بە تونـدی هەناسـەی دەدا، رومەتــەکانی داخ ببــوون. بــەبێ ویــست دەستی راستی بەرزکردەوەو توند ملی (روبابە)ی گرت. (روبابە) وتی: دەترسـم، بـەوجۆرە سـەیرم مەکە.

بەدەم داخستنی پێڵوەکانیەوە لەژێر لێـوەوە وتی: ئای.. چاوەکان.. وەك باوکمت لێهات..!

وشەکانی دیکـە لـە گەرویـدا خنکـان، چـونکە دەستەکانی (ئەحمەد) بـە چـاپوکی و جوڵەیـەکی تایبەتـــەوە پرچـــەکانی (روبابـــە)ی گـــرت و لـــە ملیــەوەی ئاڵانــدو تونــد رایکێــشان. (روبابــە) هاواریکرد، بەڵام (ئەحمەد) گەرووی گـرت و تونـد سەری کێشا بـە بـەردی ئەسـتێڵەکەدا. خـوێن لـە زارییەوە دەرپەڕی و بێهۆش کەوتە سەرکۆشی.

ئینجـــا (ئەحمـــــەد) هەســـــتایەوە، بـــــە گۆپاڵەکەیـەوە چـەند هـەنگاوێك دوورکەوتـەوەو ئیـدی وەك ئـەوەی هێـزی لەبـەر بڕابێـت کەوتـە سەرزەوی.

بەیانی لـە حەوشـەکەداو لـەپاڵ ئەسـتێڵەکەدا هەردوکیان بە مردوویی دۆزرانەوە.

---

صادق هیدایت" چنگال" سایت سخن.